عەباسی کوڕی عەبدولموتەڵیب -ڕەزای خوای لێبێت- داوای ڕوخسەتی لە پێغەمبەری خودا کرد -صلى الله عليه وسلم- سەبارەت بەوەی: شەوەکانی مینا لە مەککە بمێنێتەوە؛ بۆ ئەوەی ئاو ببەخشێت، ئەویش ڕوخسەتی پێیدا

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «عەباسی کوڕی عەبدولموتەڵیب -ڕەزای خوای لێبێت- داوای ڕوخسەتی لە پێغەمبەری خودا کرد -صلى الله عليه وسلم- سەبارەت بەوەی: شەوەکانی مینا لە مەککە بمێنێتەوە؛ بۆ ئەوەی ئاو ببەخشێت (بە حاجیەکانی ماڵی خودا)، ئەویش (پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوخسەتی پێیدا).»

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

مانەوە لە شەوانی 11 و 12 و 13 ی مانگی (ذي الحجة)دا (شەوانی -التشريق-دا) لە مینا یەکێکە لە واجبەکانی حەج کردن کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەنجامیداوە، مانەوە لە (مینا) لەو شەو وڕۆژانەدا لە پەرستنی خودایە ولە دروشمەکانی حەج کردنە. لەبەر ئەوەی دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ حاجیەکان یەکێکە لە کردەوە چاکەکان کە هۆکاری نزیکبوونەوەی بەندەیە لە خودا چونکە خزمەتکردنی حاجیەکان ومیوانەکانی ماڵی خودایە؛ بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوخسەتی دا بە مامی (عەباس) بەوەی کە ئەو شەوانە لە مینا نەمێنێتەوە بۆ ئەوەی ئاوی خواردنەوە بۆ حاجیەکان دابین بکات، وئەمیش بەرژەوەندییەکی گشتییە، ئەمیش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەگەر کەسێکی تر وەکو ئەو ئەم کردەوەیە نەکات وهیچ عوزرێکی -بیانوویەکی- نەبێت ئەوا ڕوخسەتی بۆ نییە کە ئەو شەوانە لە مینا نەمێنێتەوە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3108